سەماحەتی حەکیم لە توزخورماتو: بەیەکەوە ژیان نهێنی هێزی عێراقەو پێکهاتەکان پردی گەیشتنن بە جیهان

لەچوارچێوەی سەردانەکەی بۆ قەزای توز خورماتو و گوندەکانی دەوروبەری لەمیانەی سەردانەکەی بۆ پارێزگای سەلاحەدین، بەڕیز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی بە کۆمەڵێك لەشووخ و پیاوە دیارەکانی قەزایەکە لە سەرجەم پێکهاتەکان کەوت، لەم چاوپێکەوتنە سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە خۆشەویستیەکی زۆر ز بایەخی زۆریان بۆ ئەم شارە خۆشەویستە هەیە کە بە شاری شەهیدان و باخی بەیەکەوە ژیانە.

سەماحەتی جەکیم ئاماژەی کرد کە توز خورماتو وەك عێراقێکی بچووككراوە وایە لەبەر ئەوەی باوەشی بۆ هەموو پێکهاتە سەرەکییەکان کردوەتەوە لە عەرەب و کورد و تورکمانەوە، دووپاتیشی کردەوە کە تیرۆر هەوڵیداوە لەم جۆرە بەیەکەوە ژیانە بدات بەڵام خۆڕاگری خەڵکەکە هەموو ئەو پلانانەی پووچەڵ کردەوە .

سەماحەتی حەکیم دووپاتی کردەوە کە بەیەکوە ژیان و فرەیی عێراق ئینکار ناکرێت بەڵکو پێویستە ئەم پەیوەندییەی نێوانیان لەچوارچێوەی ناسنامەی نیشتمانی کۆکەرەوە یەك بخرێت، جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی ڕێزگرتنی تایبەت مەندی یەکتری لەڕووی ئاینی و رۆشەنبیری و نەتەوەیی گوتیشی هەولەکانی لابردن هەڵەیەکە لەگەڵ گوتەکانی قورئانی پیرۆز ناگونجێت کە داوای ڕێزگرتن لە لە فرەیی و هەمەچەشنی دەگرێت و بە سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونی رۆشەنبیری و کۆمەلایەتی هەژمار دەکرێت.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە، کە بەشداری رۆڵەکانی سەرجەم پێکهاتەکان لە جەژن و بۆنەکان لەگەڵ یەك پەیامێکی ڕوونە بۆ بەیەکەوە ژیان و هاولاتی بوونی ڕاستی□قینە، گوتیشی بەڕێوەبردنی فرەیی ولاتای ئەوەیە بیکەیە ئامرازێك بۆ فراوانبوونی رۆڵی عێراق لە ناوچەکە و لە جیهان، وەك ئەوەی لە سەردانی پاپا فرنسیس لە عێراق ڕوویدا کە ئەنجامێکی سروشتی بوونی پێکهاتەی مەسیحی رەسەن بوو لەولات.

سەماحەتی داوای کرد پاڵپقشتی یەکریزی نیشتمانی بکەن و ڕێرەوکانی ژیان لەتوزخورماتو پتەوبکەن تاببێتە نموونەیەکی کامڵی کۆمەڵگەیی و بەیەکەوە ژیان لەنێوان رۆلەکانی.

گوتیشی عێراق ئەمرۆ لەپێشکەوتنێکی جۆری دایە لەسەر ئاستی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەلایەتی ، لەوانەشە ئەوە ببێتە وۆرکشۆپێکی لەهەموو کەرتەکان ئەوەش پێویستی بە سوپاس گوزار و کارکردن هەیە بۆ ئەوەی ئەو واقیعە ئەرێنییە بەرەو پێش ببەین.

لەکۆتایی، سەماحەتی داوای کرد پێکهاتەکانی قەزایەکە بە فراوانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن و کار لەسەر نوێکردنەوەی کارتی دەنگدان بکەن تا نوێنەرایەتیەکی باش لەڕووی سیاسی بۆ توزخورماتو زامن بکەین بۆ ئەوەی خزمەتی داهاتووی شارەکە بکەین..